بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بریتانیا کۆبووەوە

لە درێژەی دیدار و کۆبوونەوەکانیدا لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بەیانیی ئەمڕۆ شەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دەیڤید لامی وەزیری دەرەوەی بریتانیا کۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:"لە کۆبوونەوەکەدا پێوەندیەکانی بریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، هەروەها باسیان لە چێنێتیی بەهێزکردنی هاوکاریی لە بواری سیاسی، ئەمنی و ئابووریدا کرد".

نێچیرڤان بارزانی پێزانینی خۆی بۆ پشتگیریی بەردەوامی بریتانیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی، بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پەرەپێدانی دامەزراوە ئەمنییەکاندا، هەروەها جەختی لەسەر گرنگیی بەردەوامیی ئەم پشتگیرییە کردەوە بۆ دەستبەرکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

لای خۆیەوە دەیڤید لامی پابەندیی شانشینی یەکگرتووی بۆ بەهێزکردنی پێوەندیەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و ڕایگەیاند بریتانیا لە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، هەروەها ئاماژەی بۆ گرنگیی هەماهەنگیی هاوبەش لە پرسە هەرەمایەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنی و ئابوورییەکان کرد.

هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان، دۆخی سووریا و پێشهاتە هێنووکییەکانی ناوچەکە، لێگەڵ چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.